

# روناک شوانی :

## کونسوڵی میسر بەئێمەی گوت:
## ئێوەش فێربوون داکۆکی لەخۆتان بکەن؟

ئەو ڕۆژەی هۆردوی ئەنفال هات و تەڕو وشکی پێکەوە سووتان و نیشتمانێکی سەراپا کردە سووتماک لەو ڕۆژانەدا نەک کەس بەدەنگ نەهات ، بگرە کەوتنە سەوداو مامەڵەکردن بە کچ و کوڕی بە غەنیمەگیراوی کوردەوە و ئەوەبوو پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس زۆرێک بەڵگەنامە دەسکەوتن کە لەنێویاندا ئەو بەڵگەنامەیەیە کە باس لە ناردنی ١٨ کچی کورد دەکات بۆ مەلهاکانی میسری شارستانییەتەکان.
دیارە ڕەوەندی کوردی لەدەرەوە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر لێبڕاوانە کەوتونەتە هەڵدانەوەی ئەو دۆسیانەی کە پەیوەستن بە جینۆسایدی گەلی کوردەوە و لە یەکەم هەنگاودا گەورە بازرگانی هۆڵەندی ( فرانس ڤان ئانرات ) یان دایە دادگاو بە ١٥ ساڵ حوکم زیندانی کرا.
ئەمساڵیش ئەو ڕەوەندە چالاکە بە سەرپەرشتی ناوەندی هەڵەبجەی دژبە ئەنفال و جینۆسایدی کورد و بەیارمەتی دڵسۆزانی گەلەکەمان کەوتونەتە خۆ بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتی میسر بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو ١٨ کچەی بەپێی بەڵگەکانی ڕژێمی لەناوچو دراونەتە میسر.
یەکێک لەو خۆپیشاندانە گەورانەی کە بووە مایەی بێزارکردنی کونسوڵی میسر، خۆپیشاندانەکەی ستۆکهۆڵم بوو لە ٢٠٠٦/٤/١٢، بۆ ئەم مەبەستە خاتوو ڕووناک شوانی یەکێک لە ئەندامانی ئەو شاندەی نوێنەرانی خۆپیشاندەرانی کورد لە ستۆکهۆڵم مان هێنایە ئاخاوتن کە لەمیانی گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ کونسوڵی میسر بەراشکاوانە پێیان گووتبون ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا وەڵاممان نەدەنەوە دۆسییەکە دەگەیەنینە یەکێتی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان .
روناک شوانی چالاکی مافەکانی ژنان و ئەندامی چالاکی ناوەندی هەڵەبجەیە .

**دیانە/ نامق هەورامی**

*** ئەمساڵ بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دەرەوە گرنگی بە یادی ئەنفال درا و لەوەش دیاریتر بوونی گوشارێکی گەورەبوو لەسەر میسر چۆن بوو ئەمساڵ هەوڵەکان وا چڕ کرانەوە؟**

– ئەنفال، بۆ جینۆسایدکردنی میللەتێک کرا. مێژووییەکی پڕکارەساتە نابێ پشت گوێ بخرێ. شان بەشانی ئەنفال بە چەکی کیمیایی هێرش کرایە سەر کوردستان. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە هاتووە کە تاوانبارانی ئەنفال و ئەوانەی کە یارمەتی ڕژێمی عێراقییان داوە لە جینۆسایدکردنی کورددا دەبێ بدرێنە دادگا و بە سزای خۆیان بگەن. ئەوەی بەسەر میللەتی کورد هێنرا لە هۆلۆکۆستی جولەکەکان گەورەتربوو ، سەیرکە ئەوان دوای چەندین ساڵ لە هەموو جیهان بەرێزەوە یادی دەکەنەوەو ئێستاش بەدوای تاوانبارانەوەن. حکوومەتی میسریش یەکێک لەو ڕژێمانە بوو کە یارمەتی سەدامی داوەو بەرامبەر بە گەلی کورد تاوانبارە. ئێمە وەک ڕێکخراوەی چاک ٢ ساڵ لەمەوبەریش هەر هەمان داوایەمان لێکرد کەچی ڕێزی لە داواکارییەکەمان نەگرت و وەڵامی نەداینەوە، بۆیە ئێمە ئەم ساڵ بەمفراوانییە دەستمان دایە ئەم هەڵمەتە.

*** سەبارەت بەو تێوەگلانەی وڵاتەکەیان لەو پرۆسە بەدناوەدا هەڵوێستیان چی بووکاتێک گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر لە نێوان ئێوەو قونسوڵی میسریدا ڕویدا؟**

– سەبارەت بە ئەنفال پرسیارمان لێکرد کونسوڵی میسر لە ستۆکهۆڵم (هەیسەم ئەلموختار)وای نیشان دا کە زانیارییەکی تەواوی نییە ئەو تەنیا لە ڕاگەیاندن ئەوەی بیستووە، ووتی ئێمە یەک میللەت و یەک زمانین و هەموومان عەرەبین، ووتمان نەخێر ئێمە کوردین، خەڵکی کوردستانین و بە زمانی سەربەخۆی خۆمان قسە دەکەین کە کوردییە ، بەداخەوە کە تۆ نوێنەری حکوومەتی میسری هەتا ئێستا دان بە بوونی کورد نانێی و حکوومەتی میسریش هەڵوێستی دیاری نییە لە مەرکێشەی کورد پاشان بەکورتی لەسەر ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دووایین، ئەو کێشەی کوردی بە کێشەیەکی ناوخۆی عێراق وەسف کرد و گوتی چۆن ئێمە ڕێگە نادەین کەس دەست بخاتە کاروباری میسرەوە، ئاوهاش دەست ناخەینە کێشەی ناوخۆی هیچ وولاتێ. هاتینە سەر باسی ١٨ کچی ئەنفال کراوی فرۆشراو بە میسر، بەڵگەنامەکانمان نیشاندا کە لە موخابەراتی کەرکووک پاش ئازاد کردنی کوردستان و عێراق بەر دەستی خەڵک کەوتوون، ئەو گومانی هەبوو لە ڕاستی بەڵگەنامەکە گوتی دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێ پاشان گوتی ئەمە نامەیەکە لە لایەنێکی

عـێـراقـیـیـەوە بۆ لایەنێکی عـێـراقی نێـرراوە، نامـەی حکوومەتی میسری  نییە، گوتمان باشە ئێمەش دەمانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و وڵامەکەمان دەبێ بە نوسراوو بە فـەرمی بدرێتـەوە. پاشـان باسی ئەوەمـان کـرد کە ئێـمە بەڵگەمان هەیە کە وڵاتی میسر یارمەتی ڕژێمی سەدامی داوە بۆ بەدەست هێنانی چەکی کـۆمـەڵکوژ لەبەر گرینگی بەڵگەنامەکان لەم قۆناغەدا پیتان نادەین، بەڵام دواتر لە ڕێگەی پارێزەرمـانەوە لە لاهای شکاتتـان لەسـەر تۆمـار دەکـەین چونکە ئەو یارمـەتییـانەی ئێوەو وڵاتانی تربوونە هۆی لە ناوچوونی هەزاران مـــرۆڤی کـــورد، بۆیە دەبێ حکوومـەتی مـیـسـر داوای لێبوردن لەگەلی کـورد بکات وقەرەبووی ماددی و مەعنەوی گەلی کورد بکاتەوە.

*** داوایان لە ئێـوە کـردبوو بۆچی ئەم یاداشـتـەی هەتانە لەرێگەی باڵوێزخـانەی عـێـراقـەوە نەتان ناردووە بۆیان ، وەڵامی ئێوە چی بوو؟**

– لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانویست بە شـــێـــوەیەکی دیپلۆماسی لە نێوان خۆیان و حکوومەتی عێراقدا کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنن، گوتمان ئێمە ڕێکخراوەیەکی جەماوەرین وەکو کورد و خەڵکی کوردستان هاتووین ئەم داوایەتان لێ ئەکەین، کارمان بە حکوومەتی عێراقەوە نییە.

*** لەبەرامبەردا کونسوڵ  هەڵوێستی چۆن بۆ؟**

–کـونسـول زۆر ڕێزی لێگرتین و بەڵێنی دا هەر ئەو ڕۆژە واتا ٤/١٢ پەیوەندی بە حکوومەتەکەیەوە بکا و پاشان بە شێوەیەکی فەرمی وەڵاممان بداتەوە.

*** ئەوەی هەستی پێدەکرێت لەو داوایەدا جۆرێک ترس و نیگەرانی هەیە لەلایەن مـیـسـرییـەکـانەوە لەمـەڕ ئەو خۆنیشاندانە، ئەوان توانیان ئەو نیگەرانییە بشارنەوە؟**

– ئەو زۆری پیناخـۆش بوو کـە خـۆپیـشـانداممان سـاز کـردووە و بە سـویدی لافیـتـەکـانمان نوسـیـووە و هەر بە سـویدیش دروشـمـەکـانمان ئەووت ، ڕای وابوو کـە ئەوە ناوبانگی میسر لای خەڵکی سوید دەزرێنێ. وەڵاممان وابوو کە ئەگەر وەڵاممان نەدەنەوە نەک هەر خۆپیشاندانی مەزنتر بەڵـکو لە دادگـــای لاهای و EU و  FNو هەمـــوو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان شکایەتتان لەسەر تۆمار دەکەین.

*** بەڵام لە یەکـەم قـسـەوە کـونسـوڵ بە ئێـوەی گـوتبـوو فـێـر بوون داکۆکی لە خۆتان بکەن**

–.بەڵێ ، گـوتمان بەداخـەوە دیارە کـە تۆ کـورد ناناسی لە کـاتێکدا کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەقاهیرە لە ساڵی ١٨٩٨ دەرچووە و سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر یەکەم سەرۆکی عەرەب بوو کە  لە ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێکەوتنی ١١ ئازار مـۆرکـرا پیـرۆزبایی لە گـەلی کورد و سەرۆک بەرزانی کرد. ئێمە میللەتێکین چەندین ساڵە داکۆکی لە مافی خۆمان دەکەین و مێژوویەکی پڕ خەبات و سەرووەرییمان هەیە و بەرەنگاری درندەترین ڕژێم بووینەوە.

*** تاچەند پێتان وایە ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە ئاکامی دەبێت ؟**

– ئێـمـە پێـمـان وایە ئەنجـامی باشی دەبێ و بەشـێـوەیەک وەڵام وەردەگرینەوە، ئەنجامی فشاریش کاتی دەوێ.







*** ئەگەر بەم بۆنەیەوە پەیامێکتان هەبێت**

– من بە نـاوی ڕێـکـخـــراوەی( چاک)ەوە دوا ووتەم ئاراســـتـــەی حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان ئەکـەم و داوا دەکـەم ئەوانەی وا لە دۆزەخی ئەنفال ڕزگـاریان بووە و نەوەکـانیـشـیـان ئەنفـالی دەروونی نەکرێن. ووشەی پاشماوەیان لەسەر لابەن، ئەوانە سەرووەری میللەتی کـوردن، ئەوانە شـایەدی کارەسـاتێکی  مـێـژوویی مـیللەتەکـەمـانن، یادکـردنەوە و گـریان و شـیـوەن و پەیکەر دروست کـردن زامـەکـانیـان سـارێژ ناکا ، یارمـەتی ماددی ومـەعنەوی چارەسـەری کـێـشـەی لە بن نەهاتوویان دەکا. تکایە با یارمەتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال لە بۆنەو و یادەکاندا لە دەزگاکـانی ڕاگـەیاندن بڵاو نەکـرێتـەوە، ئەوە کـــاریگەری دەروونیـــان لەلا دروست دەکـــا پاشـــان ئەوە ئەرکی حکوومەتی هەرێمە و پاداشتی خوێنی خۆیانە.